Sorani

# زانیاری سەبارەت نیشتەجێبوون




بەرپرسیارێتییەکانی نیشتەجێبوون

Pako Suomen laisapu

# بەرپرسیارێتییەکانی کاروباری خانوو

## ئەمانە لە ستۆی دانیشتووانن

- بەستنی گرێبەستی کارەبا.
- بەستنی گرێبەستی بیمەی ماڵ.
- پێڕاگەیشتن بە هەواگۆڕی ماڵ بەتایبەتی هی چێشتخانە.
- پاککردنەوەی زەوی ناو ماڵ.
- ئەگەر هەبێ، پاکڕاگرتنی باڵکۆن و ساونای ماڵ.
- پاککردنەوەی ئاوەڕۆی زەوی ناو ماڵ و فلتێری گازی چێشتخانە.
- گۆڕینی لامپ و فیوزەکانی ماڵ.
- کڕینی دەزگای هۆشداریدەری ئاگرکەوتنەوە و کارکردنی.
- ئاگالێبوون و بەکارهێنانی دروستی کەلوپەلە جێگیرەکانی ماڵ.
- بەتاڵکردنی کۆگای ژێرزەمین کاتێک لەو خانووە باردەکات.

بەرپرسیارێتییگەلی جۆراوجۆر هەن، کە دانیشتووانی هەر خانووێک دەبێ لێیان ئاگادار بن. پێڕاگەیشتن بە خانوو و ڕەوشگەلێکی تریش هەن، کە بەرپرسیارێتیی جۆراوجۆر دەخوازن و هەندێکیان دەبێ بە کەسانی پسپۆر بسپێردرێن. بە وردی سەرنج بدە ئەم بەرپرسیارێتییانەی خوارەوە:

## بەرپرسیارێتییەکانی کۆمپانی خزمەتگوزاریی و پێڕاگەیشتن

- چاکردنەوە بەپەلە و گرنگەکانی ناو ماڵ وەکو گیرانی لوولە و کێشەی کارەبا.
- چاککردنەوە بەپەلە و گرنگەکانی شوێنە هاوبەشەکانی یەکەکانی نیشتەجێبوون وەکو زیانی ئاو و چاکردنەوەی دەرگا و پەنجەرە.
- چاکرنەوەی هیتەر / شوفاژ و ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندیان بە ماڵگەرمکردنەوە هەیە.
- ئەگەر پێویست بێت نۆژەن و و چاکردنەوەی پەنجەرەکانی ماڵ.
- کاری نۆژەن و پێڕاگەیشتنی گەورەی یەکەی نیشتەجێبوون وەکو فڕێدانی بەفر و چاکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ لە زستاندا و چاکردنەوەگەلی گەورە لە یەکەی نیشتەجیبووندا.
- کردنەوەی دەرگای ماڵ بۆ دانیشتووان، ئەگەر کلیلەکانیان لە ژوورەوە بەجێمابن (بە پارەیە).
- ڕشاندنی ماڵ ئەگەر بێت و زیندەوەری زیانبەخشی تێدابێت.

## بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون

- کاتێک باردەکەیتە ئەو ماڵە یان لەوێ باردەکەیت دەبێ بە نووسراو بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون ئاگاداربکەیتەوە.
- بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون ناوی دانیشتووان لەسەر دەرگای ماڵ و تابلۆی قاتی خوارەوە دەنووسێت.
- هەر کەس بیەوێ نۆرەی ساونا بگرێ و پارکینگی بۆ دیاری بکرێ دەبێ لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون پەیوەندی بکات.
- ئەگەر کرێچی ئەو کلیلانەی وەرنەگرتووە کە هی شوێنە هاوبەشەکانن و لە گرێبەستی خانوودا ئاماژەیان پێ کراوە، دەکرێ لە بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون وەریانگرێت.
- ئەگەر پێویست بکات دەکرێ داوا بکەیت کە بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون کلیلی زیادیشت پێ بدات.
- ئەگەر پێت وایە ڕەفتاری دراوسێکەت وەڕەسکەرانەیە و پێچەوانەی ڕێساکانی خانووە دەکرێ بە نووسراو بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون ئاگادارکەیتەوە.
- پێش ئەوەی دەست بەریت بۆ هەر جۆرە چاکردنەوە و دامەزراندنێک لە ناو ماڵەکەتدا، دەبێ بە نووسراو بەڕێوەبەری کۆمپانی نیشتەجێبوون ئاگادارکەیتەوە.



بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە کاروباری تەکنیکیی ماڵ
لەگەڵ بەرنامەڕێژی کاروباری نیشتەجێبوونی کۆچبەران یێننی یوڤۆنێن لە

پرۆژەی (Building Bridges)

## پەیوەندی بگرن:

044 741 1069
jenni.juvonen@pakolaisapu.fi

COUNCIL OF EUROPE DEVELOPMENT BANK
BANQUE DE DEVELOPPEMENT DU CONSEIL DE L'EUROPE
COUNCIL OF EUROPE
CONSEIL DE L'EUROPE

ئەم پرۆژەیە بە یارمەتیی بانکی گەشەی شۆرای ئەورووپا بەڕێوەدەچێت

Suomen Pakolaisapu

www.pakolaisapu.fi